# مادەی ١٤٠ لەسەر پشتی كیسەڵ دەڕوات

## مریەم رەیس راوێژكاری نوری مالكی بۆ لڤین

## "یەكێك لەراسپاردەكانی لیژنەی بیكەر-هامڵتن ئەوەبوو جێبەجێكردنی مادەی ١٤٠ دوابخرێت"

## قادر عەزیز "هەر رێكەوتنێكی سیاسی لەسەر كەركوك بێتە ئاراوە شكستێكی گەورە توشی كورد دەبێت"

راپۆرتی هەردی مەهدی – ئیبراهیم ئیسماعیل

سلێمانی – بەغدا



مریەم رەیسی راوێژكاری سەرۆك وەزیرانی عێراقی لە لێدوانێكی تایبەتیدا بۆ لڤین هوشیاری ئەوەدەدات جێبەجێنەكردنی مادەی ١٤٠ یەكێك بوو لە راسپاردەكانی لیژنەی بیكەر-هامڵتن و هاتنەدی رێكەوتنێكی سیاسیش بۆ ئەو مەبەستە بۆ دواخستنی مادەی ١٤٠ ی دەستور بە كارێكی ئیجابی وەسفدەكات و لەبەرژەوەندی گشتی لەقەڵەمیدەدات.

هاوكات لەگەڵ جموجوڵ و چالاكیەكانی لیژنەی ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراق، لەسەر زاری قادر عەزیزی نوێنەری سەرۆكایەتی هەرێم بۆ ماددەی ١٤٠ ، ئەوە راگەیەنرا نوری مالكی سەرۆك وەزیرانی عێراقی سستی و خاوی دەنوێنێت لە جێبەجێكردنی ماددەكەدا، لەوبارەوە قادر عەزیز لەلێدوانێكیدا بۆ لڤین وتی "ئەوەی جێی تێبینی بوو بۆ زیاتر لە مانگ و نیوێك دەچێت لە ١/١٦وە نوری مالكی موصادەقەی لەسەر چوار برگە سەرەكیەكەی لیژنەی ١٤٠ نەكردوە و ئەمەش كارەكانی دواخستوە و ئەگەری ئەوە هەیە لە كاتی یاسایی خۆی تێپەڕكات"

لەبەرامبەردا مریەم رەیسی راوێژكاری نوری مالكی سەرۆك وەزیرانی عێراقی پێیوایە "تەواوی بڕیارەكانی لیژنەكە لەژێر بڕیاری یاسایی ماددەكەدا جێبەجێدەكرێت"مریەم ئاماژە بەوەشدەكات "كەسایەتیەكی وەك نوری مالكی باش دەرك بە ماهیەتی یاسا دەكات و دەزانێت ئەو خاڵانەی ماددەكە چییە كەڵە سەری هەڵوەستەبكرێت و بوەسترێت" بەڵام هەر لە لێدوانەكەی رەیسدا ئەوەش هاتووە كە "لەوانەیە چاوەڕوانیەك كرابێت لەبارەی چەند خاڵێكی لیژنەكەوە، ئەمەش بۆ تەواوبونی وێنەیەكی تەواوی كێشەكەیە، بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەوكەسانەیە كەماوەیەك لەو ناوچانەبوون و ئێستا دەبێت بڕۆن بەرامبەر قەرەبوكردنەوەیان بەپارە. هەروەها كەمێك پەشۆكاوی دروستبووە، چونكە هەندێك پێیانوایە نابێت بەزۆرەملێ عەرەبەكان بگەڕێنرێنەوە"

بەڵام قادر عەزیزی نوێنەری سەرۆكایەتی هەرێم بۆ ئاستی جێبەجێكردنی ماددەكە ئەوە دوپاتدەكاتەوە "هیچ پاساوێك نیە بۆ دواخستنی ماددە دەستوریەكە"، لەبارەی بەدواداچونی ئەوانیشەوە بۆ دواخستنی ئەو ماددەیە و



موصادەقەکردنی بڕیارەکانی لیژنەکە قادر عەزیز دەڵێ "تەنیا پاساوی مالکی ئەوەبوو کە جارێ جێبەجێکردنی ماددەکە هەڵلاوی ناوەتەوە، با ماوەیەکی پێبچێت ئەوسا جێبەجێدەکرێت"

ئەوەی نیگەرانی لای شەقامی کوردی دروستکردبێت ئەوەیە کە لەسەرو جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ەوە، ڕێکەوتنێکی سیاسی (تەوافوقێك) ئەنجامبدرێت و سەرلەبەری ماددەکە لەباربچێت، ئەم نیگەرانیە لەوکاتەدا جێگەی خۆی زیاتر دەگرێت کە مریەم رایس لەوتەکانیدا تەواوی ئەم نیگەرانیە پشتڕاستدەکاتەوە کە شەقامی کوردی هەیەتی"پێموایە گەر ڕێککەوتنێکی سیاسی بێتەدی، دواخستنێکی کەم نابێتە گرفتێکی گەورە و لەبەرژەوەندی گشتیدا دەبێت"، بەلاّم رەیس بەگشتی رای ئەوەدەردەبڕێت کە "تەواوی لایەنەکان لەگەڵ جێبەجێکردنی ماددەکەدان، بەلاّم بەشێوەیەك زەرەری زۆرنەگەیەنێت بە عێراقیەکانی دی"

لەبەشێکی تری لێدوانەکانیدا رەیس وشیاری ئەوەدات و نیگەرانیەکی دیکە لای کورد زیندوودەکاتەوە و دەڵێت "بیرمان نەچێت یەکێك لەراسپاردەکانی لیژنەی بیکەر–هامڵتن ئەوەبوو جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دوابخرێت و کاری لیژنەکە دوابخرێت" لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە رەیس لە کۆتایی قسەکانیشیدا وەك راوێژکاری نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەوتەی خۆی کورد دڵنیادەکاتەوە کە "کێشەکە ئەوەنیە پێشتر نیەت هەبوبێت بۆ دواخستنی، هیوادارم برایانی کورد وا تێنەگەن ئەمە تەنها لەدژی ئەوانە، عێراقیەکان هەمو یەکپارچەن بۆیە نابێت بەلای کەسێکدا بیشکێینەوە"

لەبەرامبەردا قادر عەزیز سەرلەبەر پێچەوانەی ئەم قسانەی رەیس جەختی لەسەر ئەوە کردەوە "گەر هەر ڕێکەوتنێکی سیاسی لەبارەی ١٤٠ەوە بێتەئاراوە شکستێکی گەورە توشی کورددەبێت و زیانی هەیە بۆ مەسەلەی کورد لەکەرکوك، کورد پێویستە داکۆکی لە مادەکە بکات چونکە ئیستحقاقی دەستوری و هەڵبژاردنی خۆیەتی و زۆرینە دەنگیان لەسەرداوە، گەر ڕێکەوتن و تەوافوق بکرێت لەسەرو ماددەکەوە و جێبەجێکردنی مادەکە رابگیرێت ئەوا مەبەستیانە سازش بە کورد بکەن، ئەمەش ناکرێت و دژایەتی دەستورە"

هاوکات نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێم ووتی "دەکرێ لایەنی دەرەکی و ناوخۆییش رۆڵیان هەبێت لە دواخستن و جێبەجێنەکردنی ١٤٠،وەك تورکیا لە ناوخۆش عەرەبە شۆڤێنیەکان و سوننە و بەرەی تورکمان"

بەلاّم قادر عەزیز بە نیگەرانیەکەوە لەبارەی وتەکانی رەیسەوە بەمجۆرە ئاخاوت "لەکاتێکدا بیکەر–هامڵتن لە ئەمریکا فەرامۆش کراوە، هەروەها لە ستراتیژیەتە نوێیەکەی سەرۆك بوشدا پشتگوێخراوە، ئیتر زیندوکردنەوەی بیکەر – هامڵتن لای رەیس لەچیەوەدێت؟ لەکاتێکدا هیچ کەسێك مولزەم نیە بۆ جێبەجێکردنی راسپاردەکانی بیکەر–هامڵتن"

لەلایەکیترەوە ئەوەی دەنگۆی دروستکردوە و جێگەی پرسیارە تا چەند سەرکردایەتی کوردی ئامادەیە داکۆکی توندبکات لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ، هاوکات چەندێك دژی ئەوە دەوەستێتەوە و بەرگری دەکات لەوەی جێبەجێکردنی ئەو بڕگە دەستوریە نەبێتە قوربانی تەوافوق و ڕێککەوتنە سیاسیەکان قادر عەزیز لەوبارەوە وەك نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێم دەڵێت "تا ئێستا هیچ کێشەیەکی وا نەهاتۆتە پێش تا سەرکردایەتی کورد هەڵوێستێکی لەوبابەتە بنوێنێت، بەلاّم بەگشتی سەرکردایەتی کورد سورە لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەتەواوی بڕگەکانیەوە"